



**پـــابلۆنـــیرۆدا**

1973/9/23 ـ 1904/7/12

خوێن لە شەقامەکان مەییە
ڕەنگەکان پۆستاڵی ڕەشی
سەربازەکان ماچ دەکەن
ڕەنگی پۆستاڵەکان سوور دەبێ

یەکە یەکە لاشەی مرۆڤ
لە قوڕاوی سەر شۆستەکان دەبینرێ
ئەوانەی رووح لێیان نەتۆراوە
هاوار و ناڵەی ئازارەکانیان
بەر گوێی هەمووان دەکەوێ و
خۆیان لە خوێن دەگەوزێنن

دایکەکان ناوێرن
بەدوای رۆڵەکانیان بگەڕێن
حەز ناکەن هەواڵی
شەهیدبونییان بزانن

کیژۆڵەکانی دانیشگا
سەربازەکان بەردەباران دەکەن
هەندێکیان لە تەنیشت شۆستەکان
راکشاوون ماندوو ماندوو
قژیان لە دەستی سەربازەکانە
سینگیان لەدەرەوەی کراسەکانە
خوێن لە سەریان دێتەخوارێ و
لە رانیشیان برینەکان دەبرژێتەوە

رق و کینە لە چاوانیان دەبینرێ
هێزێک دەداتە لاوەکان
ئەوانیش بە راکردن
دەبابە و تانکەکان
بەردەباران دەکەن

کەلەشی سەگێک
لە باوەشی
پیرەژنێک خەوتووە
یا کوژراوە
هەناسەی هەردووکیان
تێکەڵاوی خوێنی یەکتر بووە

سەربازێک دەستی خستۆتە سەرچاوی
بەردی خوێندکارێک کوێری کردووە
هاوار دەکات و سەربازەکان یارمەتی نادەن
ترس هەموو لەشی داگیرکردووە
رەنگ زەرد...ترسنۆک رادەکات
خۆی لەبەرچاوی شۆڕشگێران دەشاریتەوە

منداڵێک لەناو گالیسکە راکشاوە
دایکی سەری خستۆتە سەر پێچکەی گالیسکەکە
خوێن لە دەمی دێتە خوارێ
منداڵەکە شیری هێشتا ماوە ناگریێ
پیرەمێردێک بەلای تێپەڕدەبێ
منداڵەکە بە زەردەخەنە سەیری دەکات

ڤیکتۆر ژارا
بەخۆیی و گیتارەکەی لەسەر لۆریەک راوەستاوە
پڕ بە قورگی هاوا دەکا
سروود و گۆرانی دژی فاشیزم دەڵێ
هەندێک لە پێشەوە هەندێک لە دوا وە
سروودوگۆرانییەکان دەڵێنەوە
ڤیکتۆر ژارا هانیان دەدا
بۆ سەرکەوتن.،.بۆ ئازادی

خوێن شەقامەکانی داگیرکردووە
سەلڤادۆر ئەلێندی شەهید بووە
سانتیاگۆ بووە بە تاریکستان

نیرۆدا لە خەفەتی شیلیی
هەفتەیەکی تر دڵە گەورەکەی لە لێدان دەکەوێ
هەفتەیەک دوای ئەو کارەساتە
بۆ یەکجاری ماڵئاوایی لە شیعر و مرۆڤایەتی کرد .

**فەهد گردەوانی 2005/12/26 ئۆسلۆ**